# هەڵوێستێکی ڕوون بۆ دەستورێکی لێڵ

هاوڕێ نوری
2005-8-30

دوای ڕوخانی ڕژێمی عیراق و جێگیربونی پێگەی هاوپەیمانان،دەرکەوتی ڕوداوەکان بە جۆرێ بوو لەگەڵ خەونەکانی گەلی کوردا یەکی نەدەگرتەوە .
هەڵوێستی هاوپەیمانان لە کەرکوک و پەشیمانبونەوەی عەرەب لە ڕێکەوتنەکان ودیزە بە دەرخۆنەکردنی ڕووداوەکان لە لایەن سەرکردایاتی کوردەوە و شاردنەوەیان لە خەڵک سەرتاسەری کوردستانی تاساندبو.

ئەوەش نیگەرانیەکی وای دروستکرد کە دەیان و سەدان پرسیار لای خەڵک دروست بیێتلەسەر ئایندەی کوردستان ، ئاکامەکەشی بە دەستپێشکەری چەند ڕۆشنبیرێکی سلێمانی بیرۆکەی ڕفراندۆم و گەڕاناوە بۆ جەماوەر ی لێ کەوتەوە.
سەرهەڵدانی بزوتنەوەکە لە سلێمانی و بە دەستپێشکەری چەند ڕۆشنبیرێکی ناسراوو خاوەن پێشینەی سیاسی هەر لە سەرەتاوە بوە جێی پرسیار و گومان لای هەندێ خەڵک و لایەن. پاشانیش گرنگی دانی کەناڵی ئاسمانی کورسات بە بزوتنەوەکە و بەرنامە بە پێزو پربایەخەکەی بەرەو ڕفراندۆم بوە هۆی ئەوەی ئەو گومانە خەیاڵیە بەهێزتر ببێت ،ئەمەش وایکرد حکومەتی ژێر دەسەڵاتی پارتی ئەگەرچی ڕاستەو خۆ دژایەتی نەدەکرد بەڵام کار ئاسانیشی بۆ نەدەکردهەندێ جار خۆشیان نەدەگرت بە ئاشکرا گومانی خۆیان نیشان دەدا،یان سوکە پاشقولێکیان لێ دەگرتهەروەک لە کاتی ڕێپێوانی یەکەم لە دەرەوەی وولات.

ڕۆژی ڕێپێوانەکە دوای یەک کاتژمێر کورسات ڕێپێوانە بە شکۆکەی لەندەنی نیشاندا،بەڵام کوردستان TV ڕێپێوانێکی 2 هەفتە پێشتری نیشاندا کە حیزبە کوردستانیەکان و کۆمەڵە کوردیەکان کردبویان بۆ پشتگیری لە فیدراڵی.
لیژنەی باڵای کوردستان هەوڵێکی زۆری دا تا وورده وورده تەمی گومان لە ناوچەی پارتی بسڕێتەوەو پێیان بسەلمێنێ کە بزوتنەوەی ڕفراندۆم دروستکراوی یەکێتی نیە.

هەمان کات پارتی گەشتە ئەو باوەڕەی کە بزوتنەوە سەنگی دروستکردوەو دەکرێت وەک کارتی فشار کەڵکی لێ وەر بگیرێت لە کاتی پێویست ،بۆیە ناکرێت چیدی دورە پەرێز بێتو دەبێت پشکی خۆی هەبێت تێیدا .
لەملاشەوە لیژنەی سلێمانی لەگەڵ کورسات کێشە کەوتبۆ نێوانیان کە تا ئێستاش بە تەواوی دیار نیە بۆو لەسەر چی؟ و بەرنامەی بەرەو ڕفراندۆم پێشکەش نەدەکرا.

کورسات ئەگەر چی پەنجەرەیان لەسەر کۆمیتەکانی دەرەوە دانەخستبو بەڵام هاوکاری لیژنەی سلێمانیان نەدەکرد .،ئەوەش زەمینەی سازان کە کوردستان TVسۆزێکی سنوردار بداتە لیژنەی کوردستان و لە کاتی چالاکیدا هەواڵەکانیان بگەیەنێتە ناو خەڵک،بە تایبەتی لە 8/14 بەهۆی گرنگی دانی ڕاگەیاندنی پارتی بە ڕێپێوانەکە، ڕێپێوان لە ناوچەی ژێر دەستی پارتی باش بەڕێوە چوو،بەڵام ئەمجارە پاشقولەکە لای کورساتەوە گیراوهەر هێندەی زەمین لەرزەیەکی یابان گرنگی پێدا،هەر چۆن بزوتنەوەی ڕفراندۆم لە سەرەتاوە بە سەوزێکی کاڵ ناسرابو،ئێستاش یان بە زەردێکی کاڵ یان بە تێکەڵ لە هەردوکیان لای هەندێ خەڵک دەبینرێت.

لە لایەکی ترەوە چالاکیەکانی بزوتنەوە لەو کاتانەی کە سەرکردایەتی کورد لە دانو ستاندان و متبونی بزوتنەوە لە کاتەکانی تردا و هەڵوێست وەرنەگرتنی بزوتنەوە لەکاتی تەسریحە نابەجێکانی سەرانی عیراق و کورد دەربارەی بزوتنەوەو مافی چارەی خۆنوسین،بونەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان باوەڕیان بە سەربەخۆیی بزوتنەوە نە بێت.
ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە بزوتنەوەی ڕفراندۆم ئەو تەمی گومانە برەوێنێتەوە و بۆ گەلەکەمانی بسەلمێنێت کە دەسکەلای ئەم لایەن و ئەو لایەن نیە.ئەوەش بەوە دەکرێت کە پابەند بێت بەو بەڵێنەی داویەتی بە گەلی کوردستان و کار بۆ ئامانجی بزوتنەوە بکات ، کە کوردستانێکی سەربەخۆیە لە ڕێگای ڕفراندۆمەوە.
دەسەڵاتی بێ دەسەڵاتی کوردی دوا هەوڵی خۆیان خستە گەڕ و ئەوەی لە تواناى بێ توانایاندابو ئەو دەستورەیە کە........مافی نەداوە بە گەلی کورد بە ڕفراندۆم چارەنوسی خۆی دیاری بکات و سنووری هەرێمی کوردستانی دیاری نەکردوەو دەستی دەستی بە مەسەلەی کەرکوک دەکات.

هەرچەندە سەرانی بە زۆر سەپاوی کورد پڕو پاگەندەی ئەوە دەکەن کە دەستور مافەکانی گەلی کوردی دەستەبەر کردوە  بە دەستەواژەی جیاواز،
بەڵام ئەو پڕو پاگەندانە لە ڕاستی بە دورن و
سەرکردایەتی کورد سەرکردایەتیەکی لاوازە و چۆن باوەڕو متمانەیان بە خۆیان نیە ئاواش باوەڕیان بە گەلەکەیان نیە.
من لە ڕوی یاسایی شارەزاییەکم نیە و  نامەوێت لە خۆڕا و نا وەستایانە دەستور شی بکەمەوە
بەڵام چەند جارێکم خوێندەوە ، ئەو سێ مەسەلەیەی بۆ من گرنگە نەمبینی.پاشان لە خۆم دەپرسم ئەگەر دەستور مافەکانی گەلی کوردی دەستەبەر کردوە چ پێویستی دەکرد کاک مەسعود
لەگەڵ ڕەشنوسەکەدا نامە بۆ( پەڕلەمانی بەڵێ قوربان )بنوسێت کە پەسەندی بکەن، دەبو خۆی دڵنیا بێت کە مادام دەستور مافەکانی گەلی کوردی بەدی هێناوە ،پەڕلەمان دەنگی دەداتێ،بەڵام بە داخەوە خۆشی دەزانێت کە دەستور لە ئاستی داخوازێکانی گەلدا نیە وگومانی ئەوەی هەبوە کە کۆمەڵێ دەنگی ئازاو جوامێر لە پەڕلەماندا هەبێت و پەسەندی نەکەن . بەڵام بە داخەوە دەستە لەرزۆک و ملکەچەکانی پارتی و یەکێتی ئەوەندە زۆرن بەسە بۆئەوەی زۆرینە بەدەست بێنێت.
لە لایەکیترەوە سەرانی کورد لێرەو لەوێ سەر لە خەڵک دەشێوێنن و دەڵێن عیراقی ئیتیحادی
مانای فیدراڵیە و مافی چارەی خۆ نوسین بە دەستەواژەی جیاواز ئاماژەی بۆ کراوەو ناوچە بە عارەب کراوەکان ڕێو شوێنی ئاسایی کردنەوەی بۆ دانراوە.
باشە ئەگەر وایە بۆ دەڵێن هەموو خەونەکانمان بەدی نەهاتوە و لەم ڕۆدا هەر ئەوەندە دەکرێت؟
بەڕێزان پارتی و یەکێتی .....
تکاتان لێ دەکەین دەستور بخەنە بەر دەستی گەلی کوردو لێیان گەڕێن با بە ئازادی دەنگی لەسەر بدەن،،دەهۆڵ و زوڕناکانتان هەڵگرن بۆ کاتی پڕو پاگەندەی هەڵبژاردن.
تکاتان لێ دەکەین لیژنەکانی بزوتنەوەی رفراندۆم ،، وەفاداربن بۆ بەڵێنەکانتان و جەماوەر هان بدەن دەنگ بە دەستورێ نەدەن کە پێیان ڕەوا نەبینێت ئارەزو مەندانە چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن.
نەکراوەو نابێت گەلێک پێش 8 مانگ دەنگی بە سەربەخۆیی دابێت و ئێستا بچێت دەنگ بە گەڕانەوە بۆ دۆزەخ بدات.